# بڕوخێ هەندەران ... بڕوخێ تاراوگە. . !!

حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ



## 1-1

خوورە و شەپۆلی توورەی پەرش و
بڵاوی دڵێکی لەرزۆك، منم. . .
شەپۆلم، کوورت کوورتە و
هەناسەم تەنگە و
نێوقەدم لێ بەجێماوە. . .
لاشە یاخییە لە سەروچاوە و
شەلاڵم لەسەرچڵیی. .
نسێ و هەورازی سەراب تەیئەکەم ؛
سەرابی کاکی بە کاکی. . . . !!
سەرابی بەهەشتی ئەم هەندەرانە سەوزە. . . . .
کە بۆ من ؛
گۆمێکی درەوشاوەی بەهارە و هەمیشە پڕە لە قەوزە. . . . . . !!!!

***

## ١–٢

ژینم ؛ کریستاڵێکە پڕ لە درۆ
بۆ مردن و ڕۆح کێشان :
بە ئاسانی ئەکەومە خوارێ و. . . . . .
لەدەست ڕاستیی بوونی خۆم بەرئەبمەوە،
دەمودەست تێك و پێك ئەشکێم. . . . . !
– کێ کۆمئەکاتەوە. . !؟
کێ پارچەکانم لێکئەنێتەوە. . !؟
یەکەکانم ئەکاتەوە بە یەکێ. . !!
کێ ئەمگەڕێنێتەوە نێو زێدی خۆم. . !؟
جارێکی دیکە ئەملکێنێتەوە بە نیشتمانەوە. . .

***

## 3-1

من لە نێو بیرەوەری خۆما. . . .
من لە نێو بوونی ڕەهای درۆدا و
لە نێو عەدەمی ڕەهای ڕاستییا
بە تاراوگە بووم،
– کێ ئەمدۆزێتەوە. . . !؟

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
29/06/2003 01:09

من له نێو ئامێزی ساردی نیشتمانا و

له نێو باوەشی گەرمی تەمی سەرابا وێڵ و سەرگەردانبووم. . .

کێ بوونی وندام (*) پیشانئەداتەوە. . !؟.

من عەدەمم و

بە نێو بوونی خۆما ڕۆچووم

بە دوای سەرەتاکانی خۆشی و ناخۆشیا. .

سەرگەردانی و سەرفرازییا. . .

بەخت و بەدبەختییا. .

هیواخوازی و بێهوودەییا. . .

گەشبینی و ڕەشبینییا. . .

بەدوای بوونی کریستاڵیی < ڕاستی > و < درۆدا > . .

ماناکانی تاڵیی < ژیان > و شیرینی < مەرگا > وێڵم. . .

من ئێستاکە و ئاییندە و زۆریش لە مێژە

لە شادی و بەختەوەری ڕائەمێنم ؛

کە نازانم کێیە. . . !؟

– ئەوە کێیە شادو بەختەوەرە. . . . . . . . . !؟؟؟؟

من لە پێناوی ژینێکی بەختیارا

دوێنێ و ئاییندە و ئێستاکەش ؛

مردوویەکی دڵ زیندووم و

– کێ ئەوێرێ بمنێژێ. . . . . !؟

(*) وندا ؛ ون، بزر، سەرنگووم

www.kurdistannet.org کوردستان نێت